# دکتۆر کەمال سەید قادر: پێشهاتێک لە مەتەڵ

**هەندرێن**
2005.12.25
**ستۆکهۆلم/سوێد**

**هەروەک لەو بەرتەکە جودایانەڕا دیارە، کە بە نووسین و قسەکردن لەسەر راپێچان و دواجاریش بەسەردا سەپاندنی 30 ساڵ زیندانیکردنی دکتۆر سەید کەمال قادر دەنووسرێن (هەڵبەت ئەو بریارە، جا هەر یارییەکی لەمدیوی بچمی خۆیەوە هەڵگرتبێت، بێ بوونی دادگاییەکی ئاشکرا درا)، وێدەچێ دیسان، وەک هەمیشە، کوردان "چاوەڕێ" ئەوە نەبووبن کە ئەو حیزبەی خاوەن حوکمێکی "نیوەچڵ"ی کوردستانە، رەفتارێکی لەم تەرزە ئەنجامبدا. بەڵام ئێمە دوو مانگ بەر لەو بریارە کتوپڕە هیچ زانیارییەکی فەرمیمان لە هەمبەر ئەو حوکمڕانە "نیوەچڵە" لەسەر چۆنیەتی دەسگیرکردنی ئەو مرۆڤە نەبیستبوو، بۆیە هەرکەسە و لە جێگەی خۆمان هەوڵمان دەدا/دەدەین سەربردەی گرتن و چارەنووسی ئەو مرۆڤە وەک "مەتەڵ"ێک هەڵبێنین. بەڵێ دیسان ئەو پێشهاتەی کە چاوەڕێمان نەدەکرد هاتەپێش: دکتۆر کەمال 30 ساڵ بریاری زیندانی لەسەر درا. بەمجۆرە دیسان ئێمەی کە لە خەیاڵاندنی "کۆمەڵگای مەدەنی کوردستان" سەرمەستین، دوای شایی و گۆڤەندی "سەرکەوتن"ی هەڵبژاردن لە شەقام و تیڤییەکانی ئەو دوو حیزبەدا، بە بریاری ئەو "پێرە" حوکمڕانەی پارتی دیمۆکراتی کوردستان حوزنبار بووینەوە. لەبیرمان نەچێ لای کورد هەڵپەڕکێ و شین هەمیشە وێکرا ئامادەیە. ئەگەر ژیان بە گشتی، وەک خۆی، بریتی بێت لە کۆمیدیا و تراژیدیا، کەچی ئەو تراژیدیایە و کۆمیدیایە لای کورد، وەک کۆمەڵگایەکی وابەستە بە قەدەر، بەرهەمی ئامادەبوونی ئەو بوونە سافیلکەیەتی لە ژیاندا.**

**لێرەوە، بە رای من، ئەرکی "رۆناکبیر"ی کورد لە خوێندنەوەی ئەو پێشهاتەدا، پەیوەندی نییە بەوەی کە ئاستی نووسین و خەوشەکانی دکتۆر کەمال چییە، بەڵکوو ئەرکی رۆناکبیر هەڵوەشاندنەوە و شرۆڤەکردنی بونیاتی ئەو حیزبە، یان ئەو حوکمەتەیە، کە پێمان وایە لەلایەن جەماوەرەوە رێگەی پێدراوە دەمراستی خواستەکانی کۆمەڵ بێت و مافەکانیشی بپارێزێت. هاوکاتیش ئەرکی ئەو رۆناکبیرە (ئەگەر هەبێت) وەک کردەیەکی کاریگەر و چاودێرێکی وێژدان و بەرهەمهێنەری ئاسۆیە سوودمەندەکان، پێشگرتنی ئاراستە و ئاگادارکردنەوەی ئەو دەسەڵاتە سیاسییەیە کە ژیانی کورد بەرەو هەڵدێر دەبات، یان خەریکە بە ناوی دەمراستی مافی هاووڵاتییان و رەوایەتی هەڵبژاردن، ئازادی کۆمەڵ گومڕا بکات.**

**لێ بۆچی ئێمە، بە گشتی، ناتوانین بەر لە روودانی پێشهاتەکان، لە شیمانەی ئەو پێشهاتانە بیربکەینەوە؟ لەوەش زیاتر، بۆچی کە پێشهاتێک دێتەپێش، هەمیشە بە دەربرینی دۆشداماێکی هەستەکی، خۆمان بەتاڵ دەکەین؟ بۆچی نووسینەکان لە پێکچوونیاندا، لایەنی زۆرەکیان پێوە دیارە؟ بۆ تا ئێشتاش بە دڵەلەرزێیەوە لەو پێشهاتە دەپەیڤین؟ بۆ نموونە، ئاخۆ دوای دوو مانگ بەندکردنی هاووڵاتییەک، یان مرۆڤێکی وەک دکتۆر کەمال سەید قادر بێ هیچ روونکردنەوەیەک، دواجاریش 30 ساڵ زیندانیکردنی، هەر تەنیا رەفتارێکی رەمەکییە کە پارتی ئەنجامیدا بێت؟ ئاخۆ لە کات و ساتێکی وادا کە پارتی هێشتا نەبۆتە دەسەڵاتێکی رەسمی لە کوردستان و وێرای ئەو هەموو بانگەشانەی کە بۆ "ئازادی" و "بە مەدەنیکردنی" خۆی دەیکات، بەمجۆرە بێ رێزگرتن لە مافی هاووڵاتییان و بنەما سەرەتاییەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، بریارێکی لەم تەرزە لە ئاوەزبەدەرە دەدا؟ گەلۆ سەپاندنی بریارێکی وا بێ راگەیاندنێکی فەرمی لای پارتییەوە، جێگەی سەرنج نییە؟ ئایا ئەوە ماناکی بە هەند وەرنەگرتنی هاووڵاتی کوردە، یان لەمدیو ئەو جۆرە ئاماژەیەی پارتی، یارییەک هەیە کە لە ئێمە پەنهانە؟ باشە ئەو دەسەڵاتە ئەگەر هێندە سەرسەختە، بۆ ئەو هەموو کۆنە جاش، کۆنە سیخوڕ، نووسەری کۆن و تازەی تاوانباری کردۆتە دەمڕاستی سیاسەتی خۆی و خەڵکیش ناچارە دەکات بە شۆڕگێریان بزانن؟ ئەرێ ئەگەر ئەو دەسەڵاتە هێندە بوێرە، بۆ هێندە هەڵەکسێ بۆ ئەو تاکەکەس و گروپانە دەکەن کە پێش هەموو کەسێک دژی خۆیانن؟ بەڵگەگەلێک لەو راستییانە هەن کە بۆ کورد و ئەو حیزبەش حەوجە ناکات هەموویان ریز بکەین.**

**بەڵام بەڕاست پێشهاتی 30 ساڵ زیندانیکردنی ئەو مرۆڤە، جا بە هەر بیانۆیەک بێت و ئاکامەکەشی بە هەر پێشهاتێک تەواو بێت، مایەی ئەوەیە کە مرۆڤی بە ئاگای کورد دەبێ هەڵوەستەیەکی ئاوەزیانەی رەخنەیی و ئاوڕدانەوەیەکی مەعریفی و**

**چارەنووسانە لەسەر ئەو دەسەڵاتە بکات، کە خەریکە لە ژێر دەمامکی چەمکە بریقەدارەکان هەمان حیکایەتی رژێمە تاکرەوەکانی رۆژهەڵات دووپاتە بکاتەوە؟**

**لێرەدا هەوڵدەدەم بە کورتی ئاماژە بە وردەکارییەکانی ئەودیوی ئەو دەسەڵاتە بکەم، کە هۆکاری بەرهەمهێنانی ئەو پێشهاتەیە. وەک پێشتر ئاماژەم پێکرد، پاشخانی ئەو پێشهاتە و ئەو کاکڵەی ئەو بونیاتەی کە ئەو دەسەڵاتە دەجولێنێ، داخوازی خوێندنەوە و راڤەکارییەکی فرە روانگەیە. لەم روانگەیەوە کێشەی ئەو نووسینە، دیاردەی دکتۆر کەمال وەک تاکەکەس، بە ئەرکی خۆی نازانێت، چونکە کێشەی ئێمە داهاتووی ئەو پرۆسەیە، کە رەنگە، بە رێکەوت لە رووبەڕووبوونەوەی کەسێکی وەک دکتۆر کەمال دا، خۆی ئاشکرا کردبێت.**

**بێگومان پێشهاتێکی لەو چەشنە، رووبەڕووی پرسیارگەلێکی فرەترمان دەکاتەوە، کە ناکرێ لم نووسینەدا تاووتۆ بکرێن. دیارە هەموو دەسەڵاتێک بە گوێرەی رەنگدانەوەی ئەو بونیاتەی کە هەیەتی، رفتارەکانی پیادە دەکات. لە ئاستی تیۆری و لە ئاستی واقیعش نموونەی ئەو دەسەڵاتانەی کە بە دیمۆکراتی و مەدەنی دەناسرێنەوە، بۆ خوێنەری مەیلە و بە ئاگا لەبەر چاوانە، هەروەک هەموومان نموونەی ئەو دەسەڵاتە ملهوڕانەی کە لە دەڤەری ئێمەدا هەن، ئاشکران.**

**هەڵبەتە ئەو بونیاتەی کە پارتی دیمۆکراتی کوردستان لەسەری دەژی، بونیاتێکی ئاڵۆزکاو و شێواوە. بە واتایەکی تر، پارتی دیمۆکراتی کوردستان ئاگایی خۆی لە پێکهاتەیەکی باو و جێماو؛ ئاوێتەیەکی لە جیهانبینی خێڵەکی-ئایینی، بەرجەستەدەکاتەوە. ئەم پێکهاتەیەش بەشێکی فرەوانی کورد بەخۆیەوە دەگرێت. لێرەدا مانای ئەوە نییە کە ئەمڕۆ توێژ و دەستەی جودا بەشدار نەبێت لە پێکهاتەی ئەو حیزبەدا، بەڵام بوونی ئەو توێژە فرەیەی کە ئەمڕۆ لەناو ئەو پەرتەدا ئامادەیە، رۆڵی بڕیاردەی نییە لە ئاوەز و ئاراستە گرنگەکانی ئەو پارتەدا. پاڵنەری ئەو چین و توێژە جودایەی کە ئەمڕۆ لە هەموو کاتێکی دیکە لە پایەکانی خوارەوەی پارتی دیمۆکراتیدا بوونی هەیە، نیشانەی بڕوابوون، یان پارتی ئەو هێزە نییە کە لە ناوەڕۆکدا وەڵامدەرەوەی مەیل و خواستەکانی ئەو چین و توێژانە بێت، بەڵکوو کۆمەڵێک هۆکار و خواستی کاتینەیین کە رێگەخۆشکەرن بۆ کۆکردنەوەیان. لێرەدا پێویست ناکات هۆکار و پاڵنەرەکانی دیاردەی کۆبوونەوەی توێژگەلێکی زۆر لە نووسەران، کاسبکار، فەرمانبەر و ... هتد، بە یاد خوێنەران بهێنینەوە، چونکە ئەو دیاردەیەش بۆ خوێنەری هۆشیار ئاشکران. بەڵام ناکرێ لە وەڵامە سادەکەیدا ئاماژە بەو بەرژەوەندییە ئابووری دەروونییە نەکەین، کە بە هۆی ئەو پاشخانەی کە دوای 15 ساڵ کۆمەڵگای کورد دووچاری بوو، هانی ئەو فرە خەڵکەی دا لە دەوری دەسەڵاتێک کۆببنەوە، کە ئەمڕۆ ئەو دەسەڵاتە بە هۆی باڵادەستی سیاسی و ئابووری مەیلە چەپێنراوەکانیان مەیسەر دەکات. هەڵبەتە دەسەڵات بە هۆی توانایە فرە لایەکانی هەمیشە توانیوویەتی جەماوەر بورووژێنێ، هەروەک جەماوەر، لە هەموو شوێنێک، لە شێوە و ئاستی جودا، دڵی بۆ دەسەڵات لێدەدا. لە کاتە بەرهەستەکاندا کە جەماوەر ئاگایی خۆی لە دەستدەدا، یان ناتوانێت ئەو مەیلە چەپێنراو و گەمارۆدارەی بە شێوەیەکی چاک لە نوێنەرێکی عادیلانە ئاراستە بکات، یان گەلاڵەی بکات، لێرەوە دەسەڵات، یان حیزب دەتوانێت بەدروشمە رازاوەکانی دەتوانێ ئەو جەماوەرە بەدوای خۆیدا ئاراستە بکات و وەک ئامرازێک بۆ ئامانجەکانی خۆی بەکاری بێنێت.**

**لەم روانگەیەوە، بەشێکی فرەی ئەو چین و توێژەی کە ئەمڕۆ بە دەوری دەسەڵاتی ئەو حیزبە و حیزبەکەی تر خڕبۆتەوە، واتایەکی بیروباوەڕیانە و کوردانە نییە، بەڵکوو واتایەکی بەرژەوەندخوازانەی ئابووری و خودیانەی هەیە.**

**بۆیە ئەو توێژگەلە جودایەی کورد لەو کۆبوونەوەیدا لەناو دەسەڵاتی پارتیدا، نە توانی بڕیاردانی هەیە لە گۆڕینی رەوتی سیاسی پارتی و، نە مەبەستیشی ئەو ئەرکەیە. لە ئەنجامی ئەو پێکهاتە ئاڵۆزکاوەدا، ئەوە ئەو ئاوەز و ئەقڵە باوەیە کە سیاسەت و ئاکاری پارتی ئاراستە دەکا، نەک ئەو توێژگەلە فرە رەنگەی کە ئاماژەمان پێکرد. لێرەوە بەرپرسیاری ئێتیکی و مۆرالی ئەو توێژگەلە، بە تایبەتیش توێژی رۆناکبیر، دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە. لە دەرەنجامی ئەو پرۆسەیەدا، کاتێک پێشهاتێکی لەم تەرزە دێتەپێش، هیچێک لەو توێژە رۆناکبیر و تەکنۆکراتە جودا جودایەی کە رۆژانە لە میدیا و کەنالە جودایەکانی حیزبی فەرمانڕەوا بانگەشەی کۆمەڵگای مەدەنی، ئازادی دەربڕین، مەعریفە، دیمۆکراسی و ... هتد، دەکەن، بێجگە لە پەردەپۆشکردن و چاوەشکردنی راستییەکان، یان لە دواجاردا بێدەنگبوونی، ناتوانێت ئاخاوتنێکی بڕواهێنەری بۆ کۆمەڵ هەبێت.**

**ئەگەر ئەو ئاماژانەی سەرەوە، بەشێک بن لە ئاستەنگی پارتی کە ئەمڕۆ ئەرکی پاراستنی مافەکانی "بەشێک: لە جڤاکی کوردی لە ئەستۆیدایە، بەڵام هۆکاری ئەو پەیوەندییە گرژەی نێوان پارتی و یەکێتی بە تایبەتی و ، بە تایبەتیش هۆکاری ئەو**

گەڕەلاوژەیەی کە لە تەواوی عێراقدا هەیە، دەرفەت بە پارتی دیموکراتی کوردستان دەدات لە ڕەفتارێکی وادا سڵنەکاتەوە. چونکە بە گوێرەی ئەو پێکهات و ئاوەزەیەی کە پارتی هەڵگریەتی، ڕێگە بەخۆی دەدات، وەک حیزبێک، نەک "نیوە" حوکمەتێک، کە ڕەنگە بەیانی هەموو کوردستان بەڕێوە ببات، تۆڵە لە هاووڵاتییەک بکاتەوە، کە قسەی لەسەر کردووە. لێرەوە ئەو ڕەفتارەی پارتی، بەمجۆرەی کە دەبینرێت و کە پێشهات، ئەوەندەی تۆڵەکردنەوەیەکی خێڵەکی، حیزبی، تاکەکەسییە، هێندە لێپێچینەوەیەکی قانوونی نییە، کە خۆی بە حوکمەت دەزانێت. لێرەوە ئەوەی لە پێشتەوەی ئەو بڕیارە 30 ساڵەیە، مرۆڤێکە کە بە هێزێکی لە خۆ باییبووی ماسولکەیی تۆڵە لە تاکەکەسێک دەکاتەوە، نەک حیزبێک کە پەرپرسیارە لە کۆی ڕەهەندە مرۆڤایەتییەکان. ئەو بڕیارەی کە بەمجۆرە خەڵک زیندان دەکات، دەسەڵاتێک نییە کە کەرەسەی بیرکردنەوەکانی جومگە مەعریفی و پێوادانگە شارستانییەکان بێت، بەڵکوو کەسێکە تەواوی دەسەڵات دەکاتە بازووی خۆی و مرۆڤێک تەمبێدەکات، کە لە ژێردەستیدا یەخسیرە. لێرەوە تراژیدیای ئەو دەسەڵاتەی پارتی لەوەدا تەواو دەبێت، کە بەو بڕیارەی، نەک هەر لە شێوەی مەدەنیبوونی بێبەریدەکا، بەڵکوو ڕەهەندە باشەکانی خێڵیش کرێت و دزێو دەکات. چونکە هیچ مرۆڤێکی هاوسەردەم و هیچ دەسەڵاتێکی نوێباو نییە، کە بەو شێوە مەتەڵئامێزە مرۆڤێکی دەستبەسەر سزا بدات. هاوکاتیش خێڵ بە هۆی ئەو ویژدانە سرووشتیەی کە هەیەتی، ڕێگە بەخۆی نادات مرۆڤێکی دهستگیرکراو، بەمجۆرە ریسوا بکات. بەمجۆرە دەبینین ئەو هێزەی کە نە دەتوانێ دەسەڵاتێ مەدەنی بێت و، نە دەشتوانێت خێڵێکی ڕەسەن بێت، خۆی و کۆمەڵگایەکەی بەرەو خەندەک و هەڵدێر دەبات. ئیتر هێدی هێدی بۆ ئێمەی خەیاڵاوی ماڵ دەبێتە ژان.

بەڵام لەوەش خەمینتر، لەوکاتەی کە زمان ناتوانێت لە خۆ ئاوەڵاکردنەوەیەیدا، بوونمان با واتایەک بکات و دەنگدانەوەیەک لە ژیانمان دروستبکات، دواجار زمان دواندن تەنیا دەبێتە ئاشتکردنەوەی خود لەگەڵ یادەوەری و سرینەوەی  فرمێسکی  خەمی ئەو بوونە ئاگاییە بە کۆمەڵییەی کە زمانی ئێمە ناتوانێت بەرەو ئاراستەیەک بەلەدیبکات. هەروەک دەمڕاستی دەسەڵاتێک کە بەمجۆرە بڕیارە تۆڵە لە هاووڵاتیەک دەکاتەوە کە "دوو وتاری" نووسیووە، هەڵگری بێهوودەییە، نەک ئومێد!

لە کۆتاییدا لە ڕۆژگارێکی وەک ئەمڕۆدا، بەندکردنی مرۆڤێک بەو شێوەیەی کە هەتا ئێستا "مەتەڵ"ەکەمان هەڵنەهێناوە، کە بە هەر مەیلێک بێت قسەی کردووە، نەک کوشتار، داوامانلێدەکا لە سادەیی خۆمان بهزرین. کەواتە سڵاو لە ئازادی کە لەو دەڤەرەی ئێمەدا کفنی مەرگی بۆ ئامادە دەکرێت.